# له مانگێکی بێ ئیمەیل و بێ تەلەفۆندا
# له پەیوەند بە گۆڕینی ئیمەیل ئەدرێسەکەمەوە


## بەکر ئەحمەد

baker.ahmed@telia.com


10ی جانیوەری 2010

دنیای ئەمڕۆ هەتا بێت بچووکتر و بچووکتر دەبێتەوە. ساڵانی حەفتاکانی کوردستان دەهێنمە پێش چاوی خۆم. باوکم ڕادیۆیەکی یابانی بچووکی هەبوو و کۆمەڵێک وایەری جۆراوجۆریش بە ئارێلەکەیەوە بۆ ئەوەی شەپۆلەکانی هەندێک ئیستگەی جۆراوجۆر باشتر وەربگرێت. ئەگەر بڵێم کەرەستەی دیکە هەبوون بۆ لابردنی تەشوویشی سەر ئیستەگانی "شۆڕش"، هێشتاکە قسە لەسەر بوونی کەناڵێکی ڕاگەیاندنە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری. " غایم وئەحیانا" دەربڕینی حاجی سەعیدی خاوەنماڵمان بوو ئەگەر کەسێک لە پیاوانی بەردەووکانی مەلا عوسمان لە حاجییان بپرسیایە: هەواڵی رادیۆی ئیسرائیل چی بووە لە پەیوەند بە کەش و هەواوە، ئەوا حاجی بەو دەربڕینەی سەرەوە، وەڵامی دەدانەوە کە گوایە بارانێکی خەست بەڕێوەیە. ئەگەر چی دەربڕینەکەی ڕادیۆی ئیسرائیل بریتی بوو لە غائم احیانا، واتا هەندێک کات کەش و هەوا هەوراوییە.

کاتێکیش میوانە کەرکوکییەکانی ماڵی کاک تۆفیقی دراوسێمان دەگەڕانەوە بۆ شاری خۆیان، هەموو خەڵکی گەڕەک کۆدەبوونەوە و هەر یەکە و بە سەتڵە ئاوی دەستییانەوە لە پشتی سەیارەکەوە بە دوایاندا دەیانڕشت. ئاخر ئەوان ڕێگای سەفەرییان لەبەر بوو. بەڵام بۆ زۆر کەسی ئەمڕۆی ئەوروپا، دەکرێ هاتنە دەرەوە لە ماڵ و چوون بۆ سەر کار کاتژمێر و نیوێکی پێ بچێت و کەسیش پێی وا نییە سەفەرێکی عەجایب دەکات. ڕەنگە خۆزگە خواستن بەو ڕۆژگارە کارێکی خراپ نەبێت و سادەیی ڕۆژگاری دوێنێمان بە جۆرێکی دیکە بۆ بگێڕێتەوە. ئەگەر کەسێکم لێ قووتنەبێتەوە و بە ئەنتی مودێرنیتی مۆرێکم لێنەدات.

من لە ساڵی 1993وە لە سوید دەژیم. بەر لە لەدایکبوونی مۆبیل تەلەفۆن، زۆر ئاسایی ئینسان دەچوو بۆ بازاڕ و هیچ کێشەیەکیش لە ئارادا نەبووە. کێ لە ئێمە لەمڕۆدا بێ تەلەفۆنی مۆبایل دەچێتە دەرەوە. مۆبایل کارێکی کردووە کە هەمیشە لەبەردەستدا بین و کراوە بین بۆ دنیای دەرەوەی خۆمان. دیمەنی ئەو پیاوە بێننە پێش چاوی خۆتان کە لە سۆپەرمارکێتێکی گەورەدا ڕاوەستاوە و بە مۆبایل لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لەسەر کڕینی کیلۆیەک تەماتە و شتێکی دیکە لەو دووکانە گەورەیەدا دەنگی لێهەڵبڕیوە. خۆ ئەگەر مەسەلەی ئیمەیلیشی بێتە سەر، ئەوا ئەوسا رووتبوونی ئینسانی ئەمڕۆت دێتە بەرچاو لە دنیای نێت و کۆمۆنیکاسیۆنی خێرای زەمەنی گلۆبالیزەیشندا.
هەم مۆبیل تەلەفۆن و هەم ئیمەیل ئەو دەرفەتەیان بۆ ئینسانی ئەمڕۆ خوڵقاندووە کە خێراتر کاروبارەکانی ڕاپەڕێنێت. بە دەستهێنانی زانیاری لە جەنگەڵستانی دنیای ئینتەرنێتی ئەمڕۆدا کارێکی وای کردووە کە بێ گومان بڵێێ لە تاکە ڕۆژێکی ئەم زەمەنەدا ئینسان بەقەدەر چەندین

ساڵی باب و باپیرەکانی خۆی زانیاری بەدەست دێنێت. ئەمە ئەگەر ئەو بۆمبارانە زانیارییە بخەیتە لاوە کە بە مێشکی ئینساندا دەکرێت و تۆ تەنها هاوڵاتییەکیت و بە شوێنیدا نەگەڕاویت. کونجێک لەو ڕووبەرە گشتییەش نەماوەتەوە کە بۆنی ڕووبەری تایبەتی ئینسانی لێ بێت و تۆ وەک هاوڵاتی هەست ناکەی تۆ بە تەنها لەگەڵ منی خۆتدایت. ڕەنگە کەسێک پێێ وا بێت من لەم ناوەڕاستەی تەمەندا، خەریکە دەخەڵەفێم و ئاوات بە زەمەنێک دەخوازم کە وەک ئەمڕۆ نەبووە. ڕەنگە شیعری شاری سوارەی ئیلخانیزادە لە کۆنتیکستە کوردییەکەیدا باشترین دەربڕێنی ئەم گەڕانەوە ڕۆمانسییە بێت بۆ لادێ، لە داد و فوغانی منیشدا لە پەیوەند بە گلەیی لە ئیمەیل و مۆبیل تەلەفۆندا، گەڕانەوەیە بۆ زەمەنی نەبوونی ئەم تەکنیکە نوێیانە.

لە یەکێک لەو فیلمانەیدا کە دەربارەی ئاوشویتس دەدوێت، EXORCIST THE BEGINNING یەکێک لە پاڵەوانەکان دەڵێ:" خوا لە دۆزەخدا جوانتر دەبینرێت". دەکرێ دنیا لەدەرەوەی جەنجاڵییەکانی نێت و هەمیشە کراوەیی و لەسەر نێتبوونی ئێمەدا جوانتر ببینرێت؟

ئەم هەموو شێرو ڕێوییەی من تا ئێرە هێناومەتەوە تەنها بۆ کردنی ئەم پرسیارە بوو.

لە یەکێک لە شیعرە جوانەکانی سەید عەلی سالحیدا شاعیر دەڵێ:" من خەڵکی باشوورم. دەچمە باکوور، تا باشوور جوانتر ببینم." منیش بۆ ماوەیەکی کوورت، تەلەفۆنەکەم دادەخەم و ئینتەرنێتیش دەکوژێنمەوە و لە دنیای نێت و تەلەفۆن و تێ ڤیێ ئەمڕۆ دەڕوانم.

لە سەرەتای مانگی 12ی 2009وە گواستمەوە بۆ ماڵێکی نوێی و کاروباری ڕاکێشانی ئەو کەناڵانەی پەیوەندییگرتن لە ڕێگای نێتەوە دەبوایە لە ڕێگای تاکە کۆمپانییایەکەوە بێت کە لەو ناوچەیەدا نێتی هەیە. دەشبوایە کۆمەڵێک ئامێری ئەم وەسڵبوونە لە ڕێگەی ئەوانەوە مەیسەر بکرێت. ناڕۆشنییەک لە ئاخاوتنی من و ئەواندا و درەنگ گەیشتنی ئەو ئامێرانە بە هۆی پشووەکانی سەری ساڵەوە ، کارێکی کرد کە بۆ ماوەی مانگێک ئەم پەیوەستبوونە دوا بکەوێت. ڕاستییەکەیشی لەوەدایە کە خۆشم زۆر چالاک نەبووم بۆ ئەوەی ئەم کارە زوو تر مەیسەر بێت. بەڵام وەکو وتم، لە ماوەی مانگێکدا، من لە دنیای تەلەفۆن و نێت و تەلەفیزیۆندا، تەواو لەدەرەوەی ماڵەکانی سەر نێتدا بووم.

لە ڕۆژگارێکی وادا، کات چۆن دەگوزەرێت؟

هەتا بڵێی پرسیارێکی بێ مانایە. ئاخر زەمەنێکی دوور نییە کە ئینسان وا ژیاوە بەڵام پەیوەستبوونی چرِوپڕی ئینسانی ئەمڕۆ بە نێتەوە و هەمیشە لەبەردەستدابوونی ئەو بۆ وەرگرتنی ئاخاوتنێک، کارێکی کردووە کە خەریکە ئەو ڕۆژگارە نزیکانە لەیاددەچنەوە.

ئینسان لەو ساتە وەختانەدا دەزانێت کە چ جومگەیەکی گەورەی ژیانی لە دەستداوە. ئاخر تۆ ئەگەر تەنهاش بیت و تەنها تێ ڤێ یەکت لە ماڵەوە لە بەرانبەردا داگیرسابێت، چیدی تەنها نیت. ڕەنگە برگەی مرۆڤ و تەلەفیزیۆنی بەرنامەی بەرنامە جوانترین دەربڕی ئەم پەیوەندییەی نێوان ئینسانێکی تەنیای ناو ماڵێک و ئینسانی دیکەی ناو شاشەی تەلەفیزیۆن بێت. من هەمیشە کە میوانمان دێت، تێ ڤێ کە خامۆشدەکەم. ئاخر دەنگێک کەمتر، ئاخاوتنی ناو ماڵ

ئاسانتردەکات. لەو ساتانەدا ئینسان منی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە و منداڵ زیاتر دەبینرێت. دەرفەرتێکی زیاتر بەوەی کە کاتی بەفیرۆچوو ئازاددەکرێت لە کۆمەڵێ جەبری فەرزکراو، پەیدادەبێت بۆ ئاخاوتن لەگەڵ هاوسەری خۆدا بۆ زیاتر پەرژینە سەریەکتر. هەستدەکرێت کە جومگەی ووردی ژیان هەیە و ڕۆژانە بەلاماندا تێدەپەڕێ و نەتوانراوە سەرنجی بخرێتەسەر. پووخت و موختەسەر، ئەوەی کە پشووی مانگانەی سەر کار فەراهامیدەکات بۆ کەسێک لە هەندێک وڵاتەکانی ئەوروپادا و هەستدەکەیت "شەحن بوویتەتەوە"، لە غیابی ئەم ئامێرانەدا، شەحنبوونەوەیەکی تەواو ئینسانیت پێدەبەخشرێت.

تەکنیک و ئامێرە گرنگەکانی کۆمۆنیکاسیۆنی ئەمڕۆ لە بناغەدا بۆ کارئاسانی ئینسانی ئەمڕۆ هێنراونەتەئاراوە. مێشکێکی گەورەی ئینسانی لە پشتی ئەم داهێنانانەی نێتەوە کاردەکات. ئینسان بریار بوو لە ڕێگای ئەم داهێنانانەوە، ئازادییەکی زیاتر بەدەست بێنێت و ژیان سادەتر کاتەوە. بەڵام پەیوەندی ئابووری زاڵ و موعتادبوونی ئینسانی ئەمڕۆ بەم کەرەستانە، ئینسانی لە کائینێکی ئازاد و خوڵقێنەرەوە کردووە بە کۆیلەی ئامێرەکان. ئەمە درکاندنی ڕاستییەکی تایبەتی نییە کە من درکم پێی کردبێت، بەڵکە چەندبارەکردنەوەی ڕاستییەکی مێژووییە کە هەمیشە لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری و بەرەوپێشچوونی ئامێرەکانی بەرهەمهێناندا، جەختی لەسەرکراوەتەوە. بزووتنەوەی تێکشکاندنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لە سەرەتایی شۆڕشی پیشەسازیدا کۆششێکی لەمجۆرە بووە بۆ خۆرزگارکردن لە جەبری ئامێرەکان. بە کورتییەکەی موعتادبوونی ئینسان بە هەر یەک لەو تەکنیکە نوێیانەوە بەو شێوەیەی کە منیش لە مێژە بەکاریاندەهێنم، ئینسان دەکاتە کۆیلەی ئامێرەکان. بەڵام بانگەوازی من بۆ شکاندن و فڕیدانی ئەو تەکنیکانە نییە. هەڵوەشاندنەوەی کۆنتراکتی ماڵەکانی ئاسمان نییە، بەلکو بانگەوازە بۆ دانانی پشوویەکی لە چەشنی پشووی هاوینەی سەر کار کە دەکرێ لە زستان و لە بەهار و هەر کاتێکی دیکەدا بێت لە خۆتی وەربگریت. پشوویەک بۆ ئاوڕدانەوە لە کات، لەو چرکەساتانەی کە مۆبایل و نێت و تێ ڤێ نایەڵێن ببینرێن. کەواتە، بەڵێ بۆ پشوویەک لە لەسەر نێتبوون، بەڵێ بۆ داخستنی تێ ڤێ و مۆبایلەکانمان بۆ چەند ڕۆژێک، تا منی خۆم جارێکی دیکە بیپەرژێتەوە سەر خۆی!

ئەم سەرنجدانە کورت و خێرایەی من، بۆ ئەوە بوو ئیمەیلی تازەی خۆم بۆ دۆست و ئاشنایانی خۆم ڕاگەێنم. بەڵام خەریکە ماجەرای ئیمەیلە تازەکەی منیش بە دەردی " تکایە داریش بڕووێنن"ی یەکێک لە بەرپرسیارانی هێزەکانی جودی لێ دێت. چیرۆکەکە ئاوایە. لەو جەولانەی هێزەکانی بەرەی جودی جاران بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەیانکرد، هەر هێزە و وتاری خۆی دەخوێندەوە پەیامی خۆی بە گوێی گووندنشینەکاندا دەدا. یەکێک لە بەرپرسیارانی هیزەکانی ئەم بەرەیە دەبێت ژینگە پارێزێکی لە سەوزەکانی ئەوروپا سەوز تر و لە بێ قسەیی خۆیدا، کاتێک نۆبە دێتە سەر وتاری خۆی، ئاخاوتنی خۆی بەم دەربڕینە کۆتایی پێدێنێت:" تکایە هەتا دەتوانن، دار بڕوێنن"
بۆیەش لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی گوندێکی کوردستاندا، کاتێک بەرپرسی لایەنێک وتاری خۆی پێشکەشدەکات و کەمێک درێژتر دێتە بەرگوێێ هاوڵاتییان، کۆتایی وتارەکەی بە دزینی پەیامی گرووپی دیکە کۆتایی پێ دێنێت و دەڵێ:" تکایە داریش بڕوێنن". کابرای خاوەنی خیتابی "تکایە داریش بڕوێنن" دەستی لە بنی هەمانەکەوە دەردەچێت و قسەیەکی بۆ نامێنێتەوە بۆ وتن.

بۆیە ئیمەئل ئەدرێسی تازەم بریتییە لە baker.ahmed@telia.com
هەر ئازیزو کەسێکی دی مەیلی بۆ کردبێتم بۆ ئیمەیلە کۆنەکەم و وەڵامم نەدابێتەوە، هی ئەوە بووە کە منیش بۆ ماوەی مانگێک خەریکی "دار ڕواندن بووم".